دەنگت کۆماندەکاتەوە

بڵاوکراوەی زانیاریەکان



# هەڵبژاردنەکانی دەرەوە
# و پێوەرەکانی تایبەت بە شیاوبوونی دەنگدەر
# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ٥/٦/٧ی ئاداری ٢٠١٠

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەڵدەستێت بە کردنەوەی بنکەکانی تۆمارکردن و دەنگدان لە یەك کاتدا لە ١٦ وڵات بۆ ماوەی سێ رۆژ لە ٥-٦-٧ی ئاداری ٢٠١٠ تاکو عێراقیە نیشتەجێکانی دەرەوە بتوانن بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران.



## گرنگی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا؟

هەڵبژاردنەکانی دەرەوە هەلی مومارەسەکردنی مافت لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانت لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەرەخسێنێت.
یاسای هەڵبژاردنەکان مافی عێراقیە نیشتەجێکانی دەرەوەی مسۆگەرکردووە لە دەنگدان بۆ ئەو پارێزگایانەی دەگەرێنەوە بۆی لە عێراقدا. هەر بۆیە دەنگت کاریگەری و گرنگیەکی دەبێت کە کەمتر نیە لە گرنگی دەنگی عێراقیەکان لە ناوەوە.

## هەڵبژاردنەکان لە کوێ بەرێوەدەچێت؟

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نوسینگەکانی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی عێراقیەکان لە دەرەوە لە ١٦ وڵاتدا کردۆتەوە کە بریتین لە
(ئوسترالیا،نەمسا،کەنەدا،دانیمارك،میسر،ئەڵمانیا،
ئێران،ئوردن،لوبنان،هۆڵەندا،سوید، سوریا،تورکیا،ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو،بەریتانیا،ویلایەتە یەکگرتووەکان).نوسینگەکانی هەڵبژاردن هەڵدەستن بەکردنەوەی بنکەکانی دەنگدان لەو شارانەی کە ژمارەیەکی زۆری رەوەندی عێراقیان هەیە، و دەتوانیت تۆماربکەیت و دەنگ بدەیت لەو بنکانەدا.

## چۆن دەنگ دەدەیت؟

تاکو دەنگ بدەیت لە بنکەکانی تۆمارکردن و دەنگدان،سەرەتا دەبێت دوو بەڵگەنامەی فەرمی رەسەن (ایلی) پێشکەش بکەیت کە یەکێکیان وێنەیەکی نوێی کەسی لەسەر بێت و بیسەلمێنێت کە تۆ

- رەگەزنامەت عێراقیە
- لەدایك بووی لە یان پێش ١٩٩٢/١٢/٣١
- بیسەلمێنێت کە سەر بە چ پارێزگایەکی لە عێراقدا تاکو دەنگ بۆ ئەو پارێزگایە بدەیت.

فەرمانبەری دەنگدان هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی ناوت لە تۆماری دەنگدانی دەنگدەرانی دەرەوە.
لەو وێستگەیەی کە تۆمارت کردووە کارتێکی دەنگدانت پێدەدرێت کە ناوی قەوارە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکانی عێراق لەخۆدەگرێت، لەگەڵ لەخۆگرتنی خانەیەکی تایبەت بە ژمارەکانی پاڵێوراوەکان کە دەتوانیت دەنگ بۆ قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراو بدەیت یان دەنگ بدەیت بۆ قەوارەیەکی سیاسی و پاڵێوراوێك لە ناو ئەو قەوارەیەدا، و کارتی دەنگدانەکەت دەخرێتە ناو زەرفێکی نهێنی و زەرفە نهێنیەکەش لە ناو زەرفێکی تر دادەنرێت کە زانیاریەکانی دەنگدەران لەخۆدەگرێت.



## پێویستە خۆت تۆمارکردن و دەنگدان ئەنجام بدەیت،رێگە نادرێت بە دەنگدانی لەجیاتی.

بەڵگەنامە داواکراوەکان لە دەنگدەر کە رۆژی دەنگدان بیان هێنێت؟
پێویستە دوو بەڵگەنامەی فەرمی بهێنیت کە یەکێکیان وێنەیەکی نوێی کەسی لەسەر بێت،بەڵگەنامەکانیش بریتین لە :

- ناسنامەی باری شارستانی
- رەگەزنامەی عێراقی





- پاسپۆرتێك کە ڤیزای مانەوە یان ڤیزای هاتنەژوورەوە لەخۆبگرێت
- دەفتەر نفوسی سالی ١٩٥٧

## بەڵگەنامە نێودەوڵەتی و بیانیەکان:

- بروانامەی پەنابەر کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووبێت
- ئەو بروانامانەی کە لە خاچی سور دەرچوون.
- پاسپۆرت یان ناسنامەی ناساندنی بیانی
- ئەو بەڵگەنامە بیانیانەی کە لەو وڵاتانە بۆ عێراقیەکان دەرچوون.

## چۆن دەیسەلمێنیت سەر بە پارێزگایەکی؟

لە رێگای ئەمانەی خوارەوە دەتوانیت بیسەلمێنیت کە سەر بە پارێزگایەکی:

- پسولەی رەسەنی (ایلی)خۆراك
- ئەو بەڵگەنامە عێراقیانەی کە ئاماژە دەکەن بە شوێنی لەدایکبوون(ناسنامەی باری شارستانی-رەگەزنامە- پاسپۆرتی G
- ئەو بەڵگەنامە بیانیانەی کە تەنها ئاماژە بە شوێنی لەدایکبوون دەکەن.

ئەگەر لە دەرەوەی عێراق لە دایك بوویت و ناتوانیت ئەو بەڵگەنامانە پێشکەش بکەیت کە عێراقی بوونت دەسەلمێنن، دەتوانیت تەنها بەڵگەنامەیەك پێشکەش بکەیت بیسەلمێنێت کە باوکت رەگەزنامەی عێراقیە.

رۆشنبیران ، راگەیاندنکاران ، روناکبیران ، هونەرمەندان، زانایان و سەرجەم توێژەکانی تری کۆمەڵگا کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن بەرپرسیاریەتییەکی هاوکاریان لەسەرە لە نیشاندانی رووی شارستانیانەی عێراق و رەنگدانەوەی لەو کۆمەڵگایانەی کە تیایاندا دەژین لە رێگای هاندانی عێراقیەکان لەسەر بەشداریکردنێکی بەرفراوان لە هەڵبژاردنەکان.

هەل دەدرێت بە چاودێرە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بۆ داپۆشین (تغگیە) و چاودێریکردنی پرۆسەی تۆمارکردن و دەنگدان بە تەواوی، و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رێوشوێنی داناوە کە پاکی و رۆشنی (نزاهە و شفافیە) هەڵبژاردنەکان مسۆگەردەکات بە گوێرەی تەکنیکی پێشکەوتوو.
بۆ زانیاری زیاتر، دەتوانیت سەردانی ئەم وێب سایتە بکەیت:
www.ihec.iq/ocv

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission

مكتب ادارة انتخابات الخارج
نوسینگەی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی دەرەوە
Out of Country Voting Administration Office